# شۆرشه نوێکه ی فه ره نسا



ئه رده لان عه بدوڵڵا

که ناوی فه ره نسا ده بیستین یه کسه ر کۆمه ڵێک وێنه ی جیاواز دێته پێش چاومان . شۆرشه مه زنه که ی ، رووناک بیرو فه یله سووفه گه وره کانی ( رۆسۆ، ڤۆلتێر ، رۆبسبیر ، مۆنتیسکۆ ، سارته ر ، میشێل فۆکۆ) مێشکت رووناک ده که نه وه . زمانه جوانه رۆمانسیه که ی ، نووسه ره مه زنه کانی ( مۆله ر ، به لزاک ، مۆباسان ، ڤیکتۆر هۆگۆ ، ئه لکسه نده ر دووما ) فێری مانای ژیانت ده که ن . شاعیره گه وره کانی( رامبۆ، بۆدلێر) به شیعره کانیان ته واو سه رخۆشت ده که ن . پێته خته جوانه که ی ، بورجه مه زنه که ی ئیڤل ، کچه جوانه رۆمانسیه کانی ، پیاوه شه راب خۆره قۆشمه کانی . وولاتی باگێت وخواسان* وشه راب و په نیر . لێ ( ژۆپینۆ ، لۆپێن ، شیراک ، سارکۆزی ) نه ک فه ره نسا ،به ڵکه هه موو ئه ورووپات له پێش چاو ده خه ن. پاریسی پێته ختی لۆکسۆس و بۆرجوازی ، وولاتی هه زاران کۆلۆشار . فرۆکه جه نگیه کانی میراج که هه ڵه بجه یان کیمیا باران کرد، هه موو فرۆکه یه کم له به ر چاوده خات .

فه ره نسا وولاتێکی تابڵێیت هه مه لایه ن و فره ره هه ندو چه مکه . ناتوانیت ته نها له یه ک لاوه بۆی بروانیت . ئه م پێشه کیه م بۆ ئه وه بوو که بچمه ناو باسێکه وه که پێویسته له هه موو لایه که وه بۆی بروانیت . پێش هه فته یه ک کۆمه ڵێک شه روپێکداادان و ماڵ وسه یاره سووتاندن به شێکی زۆر شاره کانی فه ره نسای گرته وه . ئه م شه روپێکدادانه ش شتێکی زۆر تازه و سه یر بوو . راسته فه ره نسا هه موو کات به وولاتی خۆپیشاندان و شۆرش ده ناسرێت، لێ هیچ کات له م شێوه ناره زایانه ی به خۆه نه دیووه .هه ر بۆیه ئه م رووداوه بۆته جێگای باسو لێکۆڵینه وه ی زۆربه ی نووسه رو رۆشنبیره کانی فه ره نسا وئه وانه ش که ئیهتمام به باری فه ره نسا ده ده ن .

سه ره تای ته قینه وه کان



به پێی گێرانه وه ی زۆربه ی سه رچاوه کان پێیان وایه که ، رۆژی 27 ئۆکتۆبه ر له یه کێک له گه ره که هه ژاره کانی پاریس Clichy-Sous -Bios ، دوو هه رزه کاری به ره گه ز ئه فه ریقی

( تونسی و مۆریتانی ) لە یە کێک لە کۆگاکاندا شتیان دزیوە ، پۆلیسیش کە وتۆتە دوایان و هە تا لە کۆتایدا ئە م دوو هە رزە کارە دە بن بە عامودێکی کارە باوە کە تە زووی زۆر بە هێزە ، هە ردوو کیان دە سووتێنێت.مردنی ئە م دوو هە رزە کارە دە بێتە هۆی توورە بون وتە قینە وە ی خە ڵکی ناوچە کە و دە ستدە کە ن بە سووتاندنی سە یارە و دائیرە حکومی و کۆگا وبازارە کان . پاشان شارو ناوچە کانی تری فە رە نسا دە گرێتە وە، بە تایبە ت گە رە کە هە ژارە کانی قە راخ شار ، کە بە شیکی زۆری بێگانە کانی تێدا دە ژی. (تۆلووز، لیل ، ستراسپۆرگ، روبێ ، نانسی ) بە ڵام لوتکە ی شە رە کە لە شاری Evreux بوو، کە نزیکە ی 100کم لە رۆژئاوای پاریس دوورە . تە نها دوێنی لە ناوشاری پاریس 32 سە یارە سووتێنرا وە و زیاتر لە 1295 سە یارە ش لە تە واوی فە رە نسا سووتێنرا . 2300 پۆلیس وچە ند هێزێکی سە ربازیش بە شدارن 1 . 32 پۆلیس بریندار بوون و 349 کە سیش گیراون . رۆژی پێشتریش هێزە کانی پۆلیس 50 کۆکتێل مۆلۆتۆڤیان لە حە شارگە یە کی نزیک پاریس دۆزیە وە و 6 لاویشاین دە ستگیر کرد 2 .



## ئە م هە موو شە رو هە رایە بۆچی ؟؟!!

/ بێکاری و خراپی باری ئابووری

فە رە نسا وولاتێکی پێشکە وتووی جیهانە و دووە مین هێزی ئابووریە لە ئە وروپادا. بە رهە می نە تە وە یی دە گاتە 1377،4 ملیارد یۆرۆ ، ناردە ی بە رهە می ساڵانە دە گاتە 306 ملیارد یۆرۆ، داهاتی ساڵانە ی تاک دە گاتە 22690 یۆرۆ. رێژە ی دانیشتوانی 59،165 ملیۆنە ،5،6 % بێگانە ن3 . بێکاری دە گاتە 9،2% . لە ناو بێگانە کان دە گاتە 14% . لە 5% بێکارە کان ئە وانە ن کە خاوە نی براونامە ی ئە کادیمین . لە ناو بێگانە کان 24% ئە کادیمیە کان بێکارن.
ماوە یە کی زۆرە فە رە نسا تووشی قە یرانێکی ئابووری بۆتە وە . رێژە ی گە شە سە ندنی ئابووری 2،15 % و رێژە ی هە ڵاوسانیش دە گاتە 1،6 %. گلۆبالیزم و دراوی یە کگرتووی ئە وروپا ( یۆرۆ) هێندە ی تر کێشە ئابوریە کانی سە ختتر کردۆتە وە . ئە م بارە ش بە هیچ شێوە یە ک چارە سە ر نە کراوە .

## / بوونی بێگانە و کێشە ی ئیندماج و زیادبوونی راسیزم

بێگانە رێژە یە کی کە می دانیشتوانی فە رە نسا پێک دە هێنێت 5،6 % . لە 17% پۆرتۆگالین، 15،5% مە رۆکین ، 14،6% جە زائیرین ، 6،2 % ئیتالین 4. بوونی بە شێکی زۆری رە وە ندی ئیسلامی و ئە فە ریکی لە فە رە نسا وە ک کێشە یە کی گە ورە سە یر دە کرێت. بوونی دووکولتووری دژ بە یە ک ، کە مێژوویە کی پڕ لە قین و خوێناوی پێکە وە دە یان بە ستێتە وە . فە رە نسابە شێکی زۆری وولاتانی ئە فە ریکای داگیرکردبوو،بە دڕندە ترین شێوە ئە م گە لانە ی

چه وساندۆته وه . ته نها له جه زائیر 1،5 ملیۆن که سیان کووشتوه . جگه له تالآن کردن و دزینی خێروبێڕی ئه و گه لانه . له هه مان کاتدا رۆژانه هێرشی ئیعلامی ده کرێته سه ر ئه م ڕه وه نده زۆربه یان به ( دز، پیاوکوژ ، ئاژاوه گێڕ ) داده نێن . له هه مان کاتیشدا هیچ ئیعتیبارێک بۆ کولتوورو تایبه ت مه ندی ئه م ره وه نده ناکرێت . بۆ نموونه (په چه) له دائیره و خوێندنگه و شوێنه حکومیه کاندا یاساخه ( ئه مه ش له گوورگه که مالیه کانه وه فێری بوون ، سه یریش ئه وه یه ،شێخی ئه زهه ر فه توای شه رعی بوونی ئه م یاسایه ی فه ره نسای دا! ) حکومه تی فه ره نسا هه ڵوێستێکی سادۆماسۆشی به رامبه ر عه ره ب به کارده هێنێت . له ناوخۆدا عه ره ب ده چه وسێنێته وه ، له ده ره وه ش به رگری له حکومه ته عه ربیه دیکتاتۆره کان ده کات .

لاوێکی عه ره ب ووتی ( راسته من له فه ره نسا له دایک بووم ، لێ ته نها له سه ر کاغه ز فه ره نسیم5 ) . هه موو کات حکومه تی فه ره نسا کێشه ی ئیندماج نه بوونی بێگانه کان ده خاته ئه ستۆی بێگانه کان . هه ر ده ڵێن ( که سیان فه ره نسی نازانن) کۆرس بکه نه وه باخه ڵکی فێری زمانه که تان بێت . له ئه ڵمانیا و هۆڵه نده له ناو پاس و میترۆکان ئاگاداری به زمانه کانی تر ده نووسرێت ، به ڵام له فه ره نسا به هیچ شێوه یه ک زمانێکی بێگانه نابینیت ته نانه ت ئینگلیزیش . له لایه کی تره وه خۆیان پشتگیری هێزه راسیزمه کان ده که ن بۆ به رژه وه ندی خۆیان ،بۆنموونه لۆپێن (فرانسۆمیتران) بۆ دژایه تی کردنی شیراک دروستی کرد . لۆپێن و فاشسته کان یارمه تی دارایی و ئیعلامی ده درێن . لۆپێن دێته سه ر ته له قزیۆن و ده ڵێت ( ئه فه ریقیه کان پیسن ، عه ره به کان دزو پیاوکوژن . ئه م براده ره دۆستێکی گیانی به گیانی سه دامیش بوو ) . (روبێ) شارێکی بچووکه له رۆژئاوای فه ره نسا، جاران مه ڵبه ندی هێزه ئیسلامیه کان بوو ، ئیستاش بۆته مه ڵبه ندی فاشیه توورکه کانه . به شێکی زۆری بێگانه کان بێکاروهه ژارن ، له سه ر یارمه تییه کۆمه ڵایه تیه کان ده ژین . له خراپترین خانوبه ره دا ده ژین . جگه له وه ی که زۆربه یان دژایه تی ده کرێن له سه رکار و هه لی کارکردن بۆیان زۆر زه حمه ته . بۆ نموونه لاوێکی عه ره ب ووتی ( ته نها له به ر ئه وه ی ناوم موحه مه د بوو ، له کار وه ریان نه گرتم 6 ) .

## / گه مه ی سیاسی

ماوه یه کی زۆره مه سه له ی جێگری شیراک هاتۆته گۆرێ . ساڵی 2007 شیراک واز له کار ده هێنێت . له لایه کی تره وه شیراک نه خۆشه و که سیش نازانێت چیه تی . مه سه له ی سه رۆکایه تی بۆته هۆی شه ڕێکی گه وره ی نێوان( وه زیری ناوخۆ سارکۆزی ) و سه رۆک وه زیران ( دوڤیلپان ) . هه ندێک پێیان وایه که ئه م رووداوانه به شێکن له و شه ره، هه ردوولا ده یانه وێت بیسه لمێنن که چه نده به هێز و زیره ک و به توانان .شه ره که ش به سه ر لاشه ی خه ڵکی هه ژاری بێگانه کاندا ده شکێته وه و ئه وان ده بنه قووربانی ئه م شه ڕه نه گریسه . بێ باوه ری خه ڵکی به هێزه سیاسیه کان ، که ئه مه حاله تێکی وای دروست کردووه که هه ر که س بۆخۆی هه وڵ بدات . به م شێوه یه ش دزی و تالآن کردن، تاکه رێگای رزگاربوونه له هه ژاری و برسێتی .

## ئه ی هیچ هیوایه ک هه یه ؟؟!!

راسته ئه مرۆ به شێکی زۆری گه لی فه ره نسی باوه ری به حیزبه ته قلیدیه کان نه ماوه ،لێ کۆمه ڵێك بزووتنه وه وگرووپی تر له پێشکه وتندان . له باشووری فه ره نسا بزووتنه وه یه کی

به هێزی جووتیاری هه یه ، به سه رۆکایه تی شۆڕشگێرێکی ئازا (جۆزیف بوڤێ ) .هه روه ها له ساڵی 2000 وه بزووتنه وه ی بێکاران ده ستی پێکردووه ،شه‌وانه ده چنه ناو چێشتخانه و هۆتێله راقیه کان و هاوار ده که ن ( ئێمه ش مرۆڤین ، ئێمه ش حه زمان له ژیانه ) . جگه له وه ی که بزوتنه وه ی ( ئه تاک attace ) که چه خماخه که ی له پاریسه وه ده ستپێکردوو ، به هه موو ئه وروپادا بڵاوبوویه وه له به هێزبوون دایه . هه روه ها بوونی خۆپیشاندانی به رده وامی کرێکاران و فه رمانبه ران .

به ڵام تاکه هیواو رێگا چاره هه ردوو هێزی شۆرشگێر( لوودڤغیێ و بێزانسۆن)ه ، که له م دوایه دا به ره یه کی به هێزیان پێکهانی ،هیوایه کی گه وره هه یه که جه ماوه رێکی زیاتر لێیان کۆبێته وه . له ریڤراندۆمه که ی ئه م دوایه ش راستی ئه م قسه یه ی سه لماند . ئه م هێزه شۆرشگێره تاکه هیوای سه رکه وتن و چاره سه رکردنی کێشه کانی فه ره نسایه ، گه ر ئه مان نه گه ن به ئه نجام ، ئه وا فه ره نسا به ره و چاره نووسێکی ترسناک ده روات و ئیحتیمالی هاتنه سه رکاری فاشیزم هه یه .

- دوو سه مونی فه ره نسین

1 . www.zdf.de

2 هه مان سه رچاوه

3 Jahrbuch 2004 , DER SPIEGEL

4 هه مان سه رچاوه

5 WWW.BBC Arebic.com اعمال الشغب فی فرنسا 2005،11،06

6 هه مان سه رچاوه

ئه ڵمانیا